# ترا‌ژیدای مه‌رگه‌ساتی ژیانی که‌س و کاری ئه‌نفالکراوه‌کان

**عه‌لی مه‌حمود محه‌مه‌د**

دوور له‌ گوتاری سه‌رچلاّنه‌ی بارگاوی به‌ دروشمی سیاسی و سۆز و هه‌لّچوون , دوور له‌ شیکردنه‌وه‌ی نا ریالیستیانه‌ , با پێکه‌وه‌ گوزه‌ر بکه‌ین و شۆڕ ببینه‌وه‌ بۆ قولاّیی ترا‌ژیدیای ژیانی که‌س و کاری قوربانیان , له‌ ئه‌نفالکردنه‌وه‌ شۆڕبینه‌وه‌ بۆ ژیانی دوای قۆناغی ئه‌و مه‌رگه‌ساته‌ , له‌ مه‌رگی به‌ کۆمه‌لّه‌وه‌ بچینه‌ ناو جیهانی مه‌رگی برسێتی و خه‌ونی چرکه‌ ساتی گه‌ڕانه‌وه‌ی ئازیزان , بچینه‌ ناو ژیانی ئه‌وانه‌ی به‌ ڕێکه‌وت له‌ مه‌رگ ڕزگاریان بوو , شۆڕ بینه‌وه‌ به‌ قولایی ژیانی منداڵه‌ بیّ سه‌رپه‌رشتیار و دایکه‌ ڕه‌ش پۆشه‌کانی ئه‌نفال , وه‌لیّ به‌هۆی له‌ ده‌ستدانی ئازیزان و سه‌روه‌ت و سامانیانه‌وه‌ , تا ئه‌م چرکه‌یه‌ش تێکه‌لّ به‌ ژیان نه‌بونه‌ته‌وه‌ , تاکو ئێستا له‌ سێبه‌ری دۆزه‌خی ئه‌نفالدا ده‌ژێن , هێشتا سێبه‌ری دێوه‌زمه‌ی مه‌رگ ڕاویان ده‌نێت , زۆرێکیان په‌شیمانن که‌ له‌ مه‌رگ گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ بۆ ئه‌م ژیانه‌ی ناخۆشتره‌ له‌ گۆڕه‌ به‌ کۆمه‌لّه‌کان .

با پێکه‌وه‌ بزانین جیاوازی ژیان و مه‌رگ لای ئه‌وان چه‌نده‌ ؟ , کێشه‌ی ئه‌وان کێشه‌ی قوربانییه‌ زیندووه‌کانه‌ نه‌ك مرۆڤی ئاسایی , ئه‌و قوربانیانه‌ی به‌ ڕێکه‌وت له‌ مه‌رگی به‌ کۆمه‌لّ ڕزگاریان بوو و گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ جیهان , به‌ ڕێکه‌وت له‌ ده‌می شۆفه‌لّه‌کان به‌ربونه‌وه‌ بۆ ژیان , بازنه‌ی ژیانی ئه‌وان , له‌و کاته‌و ئێستاش مه‌حکوومه‌ به‌ مه‌رگ , بگره‌ ئێستا وێنای زندگیان زۆر ناشرینتره‌ له‌ سه‌رده‌می مه‌رگه‌ساتی ئه‌نفاله‌کان , ژیانێك دۆزه‌خاوی وا , ته‌نانه‌ت مه‌رگیشی له‌گه‌لّ خۆیدا ناشرین کردووه‌ , بۆیه‌ نه‌فره‌ت له‌و چرکه‌ ساته‌ ده‌که‌ن , که‌ له‌ نێوان مه‌رگ و ژیان , ئه‌مان به‌ر دووه‌م که‌وتن , نه‌فره‌ت له‌و له‌حزه‌یه‌ ده‌که‌ن له‌ قه‌پی شۆفه‌لّه‌کان ڕزگاریان بو , له‌ گوله‌ بارانه‌کان ده‌رچوون .

ئه‌م ترا‌ژیدیایه‌ به‌ گوتاری فرمێسك ڕشتن و کڕوزانه‌وه‌ , به‌ بانگه‌وازی نزا و پاڕانه‌وه‌ , چاره‌سه‌ر ناکرێت , به‌لّکه‌ پێویستی به‌ سڕینه‌وه‌ی شوێنه‌واری ئه‌و دۆزه‌خه‌ هه‌یه‌ له‌ ته‌واوی ژیان و زیندگییان .

ئه‌گه‌ر هه‌موو مرۆڤه‌کانی جیهانی شارستانیه‌ت , له‌ قۆناغی مۆدێرنه‌دا بۆ به‌خته‌وه‌ری هه‌نگاویان نابێت , مۆدێرنه‌ به‌ ده‌ستکه‌وته‌کانی خۆی به‌خته‌وه‌ریانی کردبێت , ئه‌وا ئێمه‌ی کورد هیچ ده‌سکه‌وتێکمان له‌ مۆدێرنه‌ نه‌بینیوه‌ , جگه‌ له‌ زیان و دۆزه‌خ و مه‌رگی به‌ کۆمه‌لّ , چه‌که‌کانی مۆدێرنه‌ زالّ بوو به‌سه‌ر قه‌لاّ و شورا و چیاکانیشمان , که‌ هه‌زاران سالّ بوو خۆمان تیایدا حه‌شار دابوو , ئه‌و چیایانه‌ی پڕن له‌ پله‌ی سه‌خت و لوتکه‌ی تیژ و چڕو پڕ , مۆدێرنه‌ کردیانی به‌ بیابان , به‌ چه‌که‌کانی مۆدێرنه‌ ژیان و شارستانییه‌ت له‌م ده‌ڤه‌ره‌ پاککرانه‌وه‌ , بستێك زه‌ویمان بۆ نه‌مایه‌وه‌ توانای هه‌بێت له‌ گازی کیمیاوی مۆدێرنه‌ بمانپارێزێت , بۆیه‌ ده‌توانم بلّێم ئه‌نفال و خه‌رده‌ل دیاری مۆدێرنه‌ بوون بۆ کورد .

با بزانین ئه‌و قوربانیانه‌ی له‌ مه‌رگه‌وه‌ به‌ دیاری گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ ژیان , ئێستا چۆن له‌ مه‌رگه‌ساتێکی دیکه‌ , له‌ گۆڕستانێکدا ناوی ئۆردوگایه‌ زنده‌گی ده‌که‌ن ؟ .

ڕاسته ئەنفال به هەشت قۆناغ ئەنجامدرا و سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوه , وەلێ قوربانیان زۆربەی ئەو مرۆڤانەن له هەردوو بەری دەڤەری کەرکووکدا دەژیان , ئەم ژمارەیەی خوارەوه تەنها ژمارەی ئەو ماڵانەیه , پاشماوەیان لێ بەجێ ماوه و سەرتاپان ئەنفالنەکراوه .

سەرجەم ماڵه ئەنفالکراوەکانی سنووری پارێزگای کەرکووك 6370 ماڵه 1 .

لەو ژمارەیه 51,03٪ یان ئەو خێزانانەن ژنان سەرپەرشتی خێزانەکان دەکەن , هەروەها 7,89٪ ئەو خێزانانەن تەنها له منداڵی بێ سەرپەرشتیار پێك دێن : کۆی ژمارەی بێوەژنان که مێردیان ئەنفاله به گشتی (2498) بێوه ژنه به ماڵ . کۆی ژمارەی بێوەژنان که کوڕیان ئەنفالەو مێردیان مردووه (753) بێوەژنه به ماڵ . کۆی ژمارەی منداڵانی بێ سەرپەرشت (503) خێزانه و دەکاته (1375) منداڵ به ژماره 2 .

ئەنجامی ئەم ڕاپرسیانەی دەیخەینه بەردەستان , ئاماری گشتی نین بۆ قوربانیان , بەڵکه توێژەرەوان له ناوچەکانی ئەنفال , له ناو گروپەکان ئەنجامیان داوه , گوزارشت له ژیانی گروپی جیاجیا له کەس و کاری قوربانیان دەکات , وەلێ دەتوانێت وێنایەك بێت بۆ بارودۆخی ژیانی ئەوانەی دیکەش لەو سەردەمەی ئەنجامدراون .

له ساڵی 1988 , 24,5٪ ی کەس و کاری ئەنفالکراوان تەمەنیان له نێوان 1-5 ساڵ بووه , 16,5٪ تەمەنیان له نێوان 6-10 ساڵ و 12,1٪ تەمەنیان له نێوان 11-15 ساڵ بوو , کۆی گشتی 53,1٪ ی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان له 15 ساڵ کەمتر بوون , 23,3٪ له نێوان 15-20 ساڵ بوو , 9,1٪ تەمەنیان له 50 ساڵ بەسەرەوه بووه 3 .

بۆیه ئەم دوو گروپەم به نموونه وەرگرت , بەشی یەکەم مناڵەکانی پاشماوەی ئەنفالن , سەردەمی تەمەنی چوونه قوتابخانەیان له مەرگه ساتی هەژاری و بێ سەرپەرشتیاری برده سەر , بەشی زۆریان نەیان توانی خوێندن درێژه پێ بدەن یاخود له بنەڕەتەوه بچنه بەر خوێندنەوه , تەنانەت وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا هەندێکیان بێ سەرپەرشتیار بوون , ئەمانه تاکو 15 ساڵ دواتر هیچ کۆمەکێك نەکراون , گروپی یەکەمیان ئێستا زۆربەی زۆریان مافی وارسی کەوتوونه , گروپی دووەمیش بەشی زۆریان مردونه .

وەلێ ساڵی 2002 , پاش 14 ساڵ له کارەساتی ئەنفال , ڕێژەی تەمەن بەم شێوەیه دابەش بووه .

1-5 ساڵ 3,7٪.

6-10 ساڵ 2,2٪ .

11-15 ساڵ 13,6٪ .

16-20 ساڵ 23,3٪ .

11-15 ساڵ 13,6٪

71 ساڵ بەسەرەوه 6,4٪ .

66-70 ساڵ 3,5٪ (4) .

دەبینین زاوزێ و زۆربوون له ناو ئەو خێزانانه زۆر له ئاستێکی خواره , منداڵی تەمەن له نێوان 1-15 ساڵی 19,5٪ ی کۆمەڵگەن , کەچی له ساڵی 1988 53,1٪ بوو , واتا شووکردنەوەو ژن هێنان و زاوزێ کەمه .

بێکاری وەك دەردێکی کوشندە , دیاردەیەکی باوە لەناو پاشماوەی ئەنفالەکان , لە ناو بەشی نێرینەیا 38,3٪ یان بێکارن و 14,2٪یشیان قوتابین 5 .

وەلێ لە ناو بەشی مێینە , کە زۆریان نان پەیداکەری خێزانەکانیانن

84,4٪ کچ و ژنی ماڵەوەن , 4,7٪ یان قوتابین , 6,2٪ کرێکارن 6 . کارەساتی ئەنفال لە لەحزەیەکدا ژیانی ئەو خەڵکەی ڕەشکرد , بەشێکیانی بەرەو مەرگ برد , بەشەکەی دیکەش بەرەو برسێتی و نەبوونی , با بزانین تاکو ساڵی 2002 ئەو خەڵکە چۆن ژیاون :

58,5٪ خێزانەکان هیچ وەرناگرن , لە بەرامبەردا تەنها 3,8٪ یان 500 دینار–800 دیناریان وەرگرتووە , 29,2٪ لە 100–199 دیناریان وەرگرتووە ( 7) .

شوێنەوارێکی دیکەی کارەساتی ئەنفال , چاوەڕوانی ژنان بوو بۆ چارەنووسی هاوسەر و دەسگیرانەکانیان , یاسا و داب و نەریت و هۆکاری ئابووری ڕێگر بوون لەبەردەم ژنان بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە :

44,4٪ شویان نەکردووە .

34,7٪ بێوەژنن .

20,9٪ خێزاندارن ( 8) .

هەرچی نەخوێندەوارییە باڵی بەسەر پاشماوەی قوربانیانا داگرتووە , بە تایبەت نەوەکانی ئەنفالی بەهۆی هەژارییەوە زیاتر گرتۆتەوە , بۆ پیاوان :

41,1٪ نەخوێندەوارن .

0,7٪ زانکۆ .

1,3٪ گەیشتووە بە پلەی دوا ناوەندی .

12,4٪ ناوەندی ( 9) .

وەلێ ژنان 74٪ یان نەخوێندەوارن, 1,9 ٪ گەیشتوونە بە پلەی ناوەندی ( 10) .

لێرەوە بڕیاری حکوومەتی کوردستان بە بەخشینی 5 نمرە بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بۆ چوونە زانکۆ , چەندە بە بڕیارێکی بێ ئەرزش دەبینرێت بۆ ئەم خەڵکە , چونکە ژمارەی ئەوانەی دەیانگرێتەوە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن .

وەك لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە دا بەشی زۆری ژنەکان پیاوەکانیان ئەنفالکراوە, کوردەواریش یەکێکە لەو کۆمەڵگا نەرێتپارێزانەی ژنان بە پلەیەکی زۆر کەم تیایدا تێکەڵ بە بازاڕی کار بوونە , بۆیە ئەمە کێشەیەکی گەورەی خولقاندووە , چونکە بەشی زۆر ئەو خێزانانە ژنان بەرپرس و نانده‌ریانن .

72٪ ئافرەت بەرپرسی خێزانن ( 11 ) .

کۆمەڵێك شوێنەواری خراپی ئەنفالەکان بووە بە کێشەی سەرەکی ژیانی ئەو خەڵکە وەك : هەژاری , تەنیایی , بێ خانەو لانەیی , دووری لە خێزان , ئەمانەش نەخۆشی دەروونی و جەستەیی جودا جودایان درووستکردووە , گرنگترین کێشەکانی ئەم خەڵکە بریتین لە :

39,2٪ کێشەی هەژارییە .

5,6٪ کێشەی تەنیایی .

8,8٪ کێشەی بێکەسی.

5,6٪ بیٚ خانویی.

10,44٪ دوور لە خێزان (12) .

لای ئەو خەڵکە ئەنفال بوون ئازاری زۆر زیاترە لە مەرگ , بۆیە دەبینین ئەوانەی پێیان وایە ئازاری ئەنفال بوون , واتا ئاشکرا نەبوونی چارەنووس , 55 جار زیاترە لە ئازاری شەهید بوون واتا مەرگ .

88٪ پێیان وایە ئازاری ئەنفال لە هەموو ئازارەکانی دی زیاترە .

1,6٪ شەهیدی (13) .

ئەم خەڵکە خاوەندی سەرەتایی ترین پێداویستی ژیان نین لە ماڵەکانیان .

63,3٪ سەلاجەو تەلەفزیۆن و موبەریدەیان نییە .

1,9٪ هەرسێکیانی هەیە (14) .

لە خوارەوەش چەند ئامارێکی گشتی دەخەمە بەردەستتان لەسەر ژیانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەت ژنان :

---

- (96%)ی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان بەرشاڵاوی شوومی ئەنفال کەوتن، بەبێوەژنی ماونەتەوە.
- (13.5%)ی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بەشێوەیەکی تەندروست لەلایەن حکومەت و هاوولاتیانەوە کۆمەك کراون . بەڵام (38.4%) ئەوەیان بەئێمە راگەیاند کە بەشێوەکی زۆر کەم هاوکاری کراوین، بێ ئەوەی ئەو هاوکارییە هیچ یەکێك لە گرفتەکانمان چارەسەر بکات . لەدۆزەخی کارکردنەوە بۆ دەستدرێژیی کردنە سەر شەرەف کە رێژەی (5.26%) ئەو کرێکارە ئافرەتانەی کە لە ئەنفال جێماون، رووبەڕووی کێشەی تەحەرووش بوونەتەوە. هەروەها رێژەی (2.3%) ئەو ئافرەتانەش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر.

- ( 81.6%) ژنانی پاشماوەی ئەنفال، داهاتی مانگانەیان لەنێوان (200-400) دیناردایە (ئەم توێژینەوەیە کاتێك ئەنجام دراوە کە دیناری سویسری بەکار دەهات).
ئەو خێزانانەشی کە داهاتی مانگانەیان لەنێوان (400-600) دیناردایە، رێژەی (12%)ن . بەڵام ئەو خێزانانەی کە داهاتەکەیان لەنێوان (800-1000)دیناردایە، رێژەی (1.6%) پێك دەهێنن . ئەو خێزانانەشی کە داهاتەکەیان لەسەروو (1000) دینارەوەیە، تەنها رێژەی(0.8%) پێك دەهێنن.
- ( 55.21%) کوڕان وازیان لەخوێندن هێناوە و بە کارکردن و پەیداکردنی بژێویەوە خەریکن . رێژەی ئەو کچانەشی کە ناو پۆلەکانی وانە خوێندنیان فەرامۆشکردووە و لە قوتابخانە هەڵهاتوون بۆئەوەی ئیشی ماڵەوە بکەن، رێژەکەی دەگاتە (55.7%) (15) .

## ئەی ئێستا چۆن دەژین ؟

---

گەورەترین دەستکەوتی حکوومەتی کوردی له ماوەی ئەم 15 ساڵه , بۆ پاشماوەی ئەنفالەکانیان ئەنجام دابێت له کوردستان بحکوومەتی سلێمانی , زیادکردنی موچەی خێزانێکی پاشماوەی ئەنفالکراوەکانه بۆ 150000دیناری عێراقی که به نرخی بازاڕ دەکاته 100 دۆلار , با پێکەوه له سەر زاری بەرپرسانی کارگێڕی لایەنی بەرپرسەوه , بزانین ئەو کۆمەکه به چەند خێزان دەدرێت و ڕێژەی چەند له هەزێنەی کوردستان دیاریدەکات : (( بەڕێوەبەری مافی مرۆڤ و ئاواره و ئەنفال لەئیدارەی سلێمانی راپۆرتێکی زارەکی لەبارەی گرنگترین ئەو پرۆژه و خزمەتانه خستەڕوو که لەماوەی رابردوودا لەلایەن حکومەتەوه پێشکەش کراون، بۆ ئەمەش ئاماژەی بەوەکرد که موچەیەکی تایبەت بەبڕی 150هەزار دینار بۆ زیاتر له 7 هەزار کەس و نزیکەی 4500 پارچه زەویش بێ بەرامبەر بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دابین کراوه ، لەبواری خوێندنیشدا ساڵانه (5) پله دەخرێته سەر کۆی گشتی نمرەی وانەکانی ئەو خوێندکارانی کەسوکاریان ئەنفالکراوه و لەزانکۆکاندا وەردەگیرێن ، تاکو ئێستاش زیاتر له 316 خوێندکاری کچ و کوڕی قوربانیانی ئەنفالکراو سوودیان لێ وەرگرتووه (16) .

واتا ئەو قوتابیانەی کەڵکیان لەو بڕیاری 5 نمرەیه وەرگرتووه تەنها 4,5٪ خێزانەکانن , هەرچەنده ئەگەری ئەوه هەیه , هەندێك لەو خێزانانەی که داهاتیان باشه , چەند قوتابییەك کەڵکیان لەو بڕیاره وەرگرتبێت .

" بودجەی ئەمساڵی حکوومه تی هەرێم دوو ملیارو هەشسەدو بیست شەش ملیۆن دۆلاره" ,لەو ڕێژەیه " ئیدارەی هەولێر 54% و پشکی ئیدارەی سلێمانیش 46% " . (17)

ئەمه تەنها ئەو داهاتەیه که له بەغداوه وەریانگرتووه , جگه له گومرگ و باجی ناوخۆیی و بەکرێ دان و فرۆشتن و ... .

بۆ یەکەمجار له کوردستان له ئاياری 2002 بڕیاری ئەوه درا مانگانه 200 دیناری سویسری بدرێت به وارسی قوربانیان , که ئەوکات تەنها نزیك به 10 دۆلاری دەکرد .

له حکوومەتی سلێمانی , کۆی ئەو کۆمەکەی دەدرێت بەو 7000 خێزانه , دەکاته 700000 دۆلار له مانگێکدا , له ساڵێکدا 8400000 دۆلار .

حکومەتی ینك که 46٪ له هەزێنەی کوردی بەر دەکەوێت , بەشەکەی دەکاته 1,2972 ملیار دۆلار , له بودجەی وەرگیراو له حکوومەتی ناوەندی کۆی گشتی 0,6٪ ی هـ تەرخان کردووه بۆ کۆمەکی وارسی قوربانیان , به ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێنانەوه .

هەرچی له سنووری دەسەڵاتی هەولێره , هەرچەنده ژمارەی قوربانیان له ناوچەی دەسەڵاتی سلێمانی کەمتره , وەلێ ژیانیان بەشێوەی گشتی خراپتره , تاکو ئێستا به فەرمی یاسایەك گشتی نییه بۆ پشتیوانی دارایی له قوربانیان .

هەروەها جیاکاری دەکرێت  لە نێوان ئەنفالی ئاسایی و ئەوانەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی و پارتی دەسەڵاتدارن , فەرموون بزانن بۆ خۆیان بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە  چی دەڵێن : (( 3000 خێزانی بارزانی مانگانە 330000 دینار وەرەگرن ,  1500 خێزان بە شەهید کراون , 1500 خێزان مانگانە 30000 هەزارانە وەردەگرن (18) .

لە ناوچەی هەولێر مانگانە 660000 دۆلار , لە ساڵێکدا 7920000 دۆلار بۆ خێزانە  بارزانییەکان خەرج دەکرێت , هەرچەندە بە بڕوای من ئەمە بەس نییە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری مەرگباری 23 ساڵی ژیانیان , وەلێ بۆ 1500 خانەوادەی ئەنفالی ئاسایی مانگانە 30000 دۆلار و لە ساڵێکدا 360000 دۆلار خەرج دەکرێت , واتا جیاوازی لە نێوان ئەم دووبەشەی ئەنفالکراوان 1 بە 11 ەیە , کێشەکە لەوە نییە مانگانەی بارزانییەکان زۆر بێت , ماف زیاتریان هەیە , بەڵکە کێشەکە لەوەیە کەس و کاری ئەنفالکراوەکانیان زۆر بێماف کردووە  .

هەروەها بە پێی زانیاری  بەڕێزی 1500 کەسیش کراون بە شەهید , بێشك ئەمانەش هەر ئەوانەن لە ڕێکخستنەکانی حیزبن , جیاوازی ئەمان و ئەنفالی ئاسایی بێلایەن ئاسایی لە 1 بۆ 11 کەمتر نییە .

## نموونەیەك بۆ  ژیان لە  هەردوو ئۆردوگای ڕزگاری و شۆڕش

با وێنایەك لە ژیانی مەرگەساتی هەنووکەیی کەس و کاری قوربانیان لە دوو ناوەندی گردبونەوەیان نیشان بدەین .

لە ئۆردوگای شۆڕش و سنووری چەمچەماڵ 2486 ماڵە ئەنفال و لە ڕزگاری و دەوروبەری 1819 ماڵە ئەنفال ژیان بەسەر دەبەن  (19) .

با بزانین باری ژیان و ئاستی خوێندەواری , نەخۆشی دەروونی و باری تەندرووستی کەس و کاری قوربانیان لەو دوو ئۆردوگایە چۆنە و چۆن ژیانی ڕۆژانە دەگوزەرێنن و چاوەڕوانی چییان لێدەکرێت لە دوا ڕۆژدا :

ئۆردوگای شۆڕش 25٪ خێزانەکانیان ئەنفالکراوە .

48٪ خوێندەوارن, 52٪ نەخوێندەوارن .

71٪ نەخۆشی درێژخایەنی هەیە .

78٪ ی بێکار .

باری ناو ماڵەوەیان :

10٪ ی باش .

0٪ی  زۆر باش .

42٪ مام ناوەندیی.

47٪ خراپ.

ئەندامانی خێزان 43٪ نێر و 57٪ مێن .

بەرپرسی  خێزان 74٪مێ , 26٪ نێر (20) .

لە ئۆردوگای ڕزگاری(سمود) , ئامارەكان لەمەی سەرەوە خراپتر دەرە خەن .

38٪ خێزانەكانیان ئەنفالكراوە .

40٪ خوێندەوارن .

60٪ نەخوێندەوارن.

65٪ ی نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە .

78٪ بێكارن .

باری ناو ماڵیان :

51٪ خراپ .

1٪ زۆر باش .

18٪ باش .

20٪ مام ناوەندی .

ژمارەی خێزان 44٪ یان نێر ,56٪ یان مێن .

ڕەگەزی سەرۆكی خێزان 19٪ی نێرە .

81٪ ی مێ (21) .

واتا لەم دوو ئۆردوگایە بەشێوەی گشتی ژنان بەرپرسی خێزانەكانیانن .

ئێستا داهاتی خێزان( نەك تاك ) لە كۆمەڵگەی ڕزگاری 167000-207000 دینارە (22 ) .. واتا داهاتی تاك لە ڕۆژێكدا كەمترە لە 1 دۆلار , بە هەموو پێوەرێكی ئەنتەرناسیۆناڵ , بە تایبەت ئێستای كوردستان كە هێزی كڕین بەرزە , ئەم مرۆڤانە زۆر لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژێن .

كێشەی نیشتەجێبوون یەكێكە لە گرفتە گەورەكانی هاوولاتیانی كوردستان , بە تایبەت پاشماوەی ئەنفالكراوەكان .

61000 كەس لە پاشماوەی ئەنفالكراوەكان بێجێگەو ڕێگەن (23 ) . واتا بە پێی هەندێك ئامار 63٪ پاشماوەی ئەنفالكراوەكان كێشەی نیشتەجێبونیان هەیە (24) .

## نەخۆشی دەروونی

ئاكامی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال , لە دەست دانی ئازیزان و سەرپەرشتیارانی خێزانەكان , هەزاران خێزانی ئەنفالی لە چاوەڕوانی درێژماوەو بێ نان پەیداكەر بەجێ خێشت , شیرازەی خێزانەكانی هەڵوەشاندەوە .

سەرپەرشتیاری خێزان پێش و پاش ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال

| پێش شاڵاوەكان | | | پاش شاڵاوەكان | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| كەس | ژ | ڕێژە | كەس | ژ | ڕێژە |
| باوك | 134 | 89,33٪ | باوك | 49 | 32,66٪ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دایك | 12 | ٪8 | دایك | 94 | ٪62,66 |
| برا | 2 | ٪1,23 | برا | 3 | ٪2 |
| خوشك | 1 | ٪0,66 | خوشك | 2 | ٪1,33 |
| کوڕ | 1 | ٪0,66 | خوشکی باوك | 2 | ٪1,33 |

( 25) .

له ماوەی 11 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی کوردیشدا , له گروپێکی بچووکی نزیك له پارته دەسەڵاتدارەکان و گروپه ئیسلامییەکان , ئەوانی دیکه به موعجیزه ژیاون , با پێکەوه سەرنجی نەخۆشییه دەرونیەکانیان بدەین .

جۆری گرفت و نەخۆشییه دەرونی و عەقلییەکانی له ئەنجامی شاڵاوەکان

| گرفت و نەخۆشی | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| دڵ تەنگی | 10 | ٪21,27 |
| شێت بوون | 7 | ٪14,89 |
| ترس | 5 | ٪10,63 |
| خەمۆکی | 5 | ٪10,63 |
| له بیرکردن | 4 | ٪8,51 |
| دڵه ڕاوکێ | 4 | ٪8,51 |
| توڕه بوون | 4 | ٪8,51 |
| له هۆش چوون | 3 | ٪6,38 |
| زۆر بیرکردنەوه | 4 | ٪8,51 |
| بێ ئومێدی | 1 | ٪2,12 ( 26 ) . |

پاش شاڵاوەکان

| | | |
|---|---|---|
| دڵه ڕاوکێ | 98 | ٪42,42 |
| ترس | 83 | ٪35,93 |
| بێ ئومێدی | 27 | ٪11,68 |
| یاخی بوون | 13 | ٪5,62 |
| بێ بەزەیی | 5 | ٪2,16 |
| بیرکردنەوەی زۆر | 2 | ٪0,86 |
| بێزاری و گریان | 2 | ٪0,86 |
| هەست به لێقەوماو بوون | 1 | ٪0,43 (27) . |

## ئەنجام :

بە رزگار بوونی کوردستان لە چنگ رژێم ,  ژیانی ئەم خەڵکە باشتر نەبوو , لە ماوەی 11 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی کوردی هیچ کۆمەکێکیان پێ نەکرا , لەو ماوەیە زۆربەی منداڵەکان تەمەنی خوێندنیان بەسەر چوو , بەساڵاچوانیش لە بێکەسی و بە برسێتی  سەریان نایەوە , ئەوەشی لە ناوەڕاستی 2002 بە دواوە درا زۆر کەم بوو , نایتوانی پێداویستی ژیان دابین بکات , بە روخانی رژێمیش ژیانی ئەو خەڵکە باشتر نەکرا , هەرچەندە داهاتێکی زۆر هاتە کوردستانەوە .

هەروەها لە روی سایکۆلۆجییەوە ئەم خەڵکە زۆر ئازار دران بەوەی :

- روفاتی کەس و کاریانیان بۆ نەهێنرایەوە , هیچ لایەنێك خۆی نەکرد بە خاوەندی.
- هیچ لێپرسینەوەیەك لە تاوانکارە کوردەکان نەکرا , بگرە لە دەوڵەت و حیزبدا پلەی باشیان پێدرا و شوێنی شایستەیان گرت .

## سەرچاوەکان :


1–(هەرێمی کوردستان– نووسینگەی ئەنفالەکان – ژمارە 161 , بەرواری 21–7–1996) .

2–(هەرێمی کوردستان– نووسینگەی ئەنفالەکان – ژمارە 161 , بەرواری 21–7–1996) .

3– ( ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل183– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

4-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل187– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

5-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل191– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

6-(  (ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل192– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

7- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

8–(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل196 – سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

9–(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل198– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

10-. (ئەنفالی گەرمیان , پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل199- سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .
11- ( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق – سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 –ل234 ) .
12-( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق – سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 –ل239 ) .
13-( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق – سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ل 239 ).
14-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر  ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل201- سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

---

15-Peyamner - فازڵ نەجیب / سلێمانی
لەو لێکۆڵینەوەیەی کە هەردوو خوێندکار (بەرهەم و هێمن) ئەنجامیان داوە)) .
16-http://pukmedia.com/kurdinews/4-4/news9.html .
17-http://www.hawlati.com/web/content.asp?ContentId=646 .
18-( وەڵامێك بۆ كاك عەلی مەحموود لە  عەدالەت عەبدوڵڵاوە –2-9-2006-كوردستان نێت ) .
19-(هەرێمی کوردستان– نووسینگەی ئەنفالەکان – ژمارە 161 , بەرواری 21-7-1996) .
20-( راپرسی رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال لە 28-8-2005 بۆ 2-9-2005 ئەنجامدراوە (پاشماوەی ئەنفال) – ژیانی نوێ , ژمارە2 ,ل8) .
21-( راپرسی رێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال لە 28-8-2005 بۆ 2-9-2005 ئەنجامدراوە – ژیانی نوێ , ژمارە2 ,ل8) .
22-( ئابووریناس محەمەد کەریم – هەولێر پۆست 30-8-2006) .
23-( هەولێر پۆست  ژمارە 79 بەرواری 6-9-2006 ل8 ) .
24- ( فازڵ نەجیب )( هەولێر پۆست 30-8-2006) .
25- ئەنفال- یوسف دزەیی , ل220 , هەولێر 2001 , دەزگای موکریان .
26- ئەنفال- یوسف دزەیی , ل217 , هەولێر 2001 , دەزگای موکریان .
27- ئەنفال- یوسف دزەیی , ل218 , هەولێر 2001 , دەزگای موکریان .